ئەرێ ڕۆژنامەی (خەبات) دیسان دەقەومێت؟؟؟ .... باوەڕ پیرۆز زادە

وەک هەموو لایەک ئاگادارن مانگی رابردوو (تشرینی دووەم) مام جەلال سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمی عیراق بوو، لە (30) رۆژەکە دا کە زیاتر لە بیست کۆبوونەوە کرا، مەسعود بارزانی تەنیا لە دوو دوا کۆبوونەوە دا بەشداری کرد، ئەم هەڵس و کەوتە پرسیاری گەرمی لە نێوان رۆژنامەکانی سەر کاغەز و رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان لێکەوتەوە، هەندیک کەس بە گومانەوە لە پەیوەندی پارتی و یەکێتی یان رەوانی، بەسەفەری بارزانی بۆ بەغدا و بەشداریکردنی لە دوو کۆبوونەوەکەی کۆتایدا گومانەکان توزێک رەوینەوە، بەڵام مامەڵەکردنی ڕۆژنامەی (خەبات) ی پارتی لەگەڵ هەواڵەکەدا کە ئاماژەی بەسەرۆکایەتی مام جەلال نەکردووە نائەمانەتی رۆژنامە نووسی دروست کرد، رەنگە پارتی پاساوی هەڵەی هونەری بۆ بهێنێتەوە بەڵام تائێستا روونکردنەوەی بەخوێنەرانی نەداوە.

رۆژی 11/30 کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵی لە بارەگای مام جەلال لە بەغدا لە نێوان پێنج ئەندامە کوردەکەی ناو ئەنجومەنی حوکم (مام جەلال، مەسعود بارزانی، د. مەحمود عوسمان، سەلاحەددین بەهائەدین، حاکم دارا) بە رێوەچوو، رۆژی دوایی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی یەکێتی بە گرنگی پێدانەوە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، دەڵێن یەکگرتووی ئێسلامی یش بەهەمان شێوە گرنگی بەبڵاو کردنەوەی هەواڵەکە داوە، بەڵام بەداخەوە دیسان ڕۆژنامەی (خەبات) ئاماژەی بە کۆبوونەوەکە نەداوەو بڵاوی نەکردۆتەوە، کەچی 12/2 لە لاپەرە (1) دا بە گەورەیی هەواڵی کۆبوونەوەکەی رۆژی پێشووی ئەنجومەنی حوکمی بڵاوکردۆتەوەو ئاماژەشی بەناوی (عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) داوە وەک سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە ئەم هەڵس و کەوتە کاری کادرێک و دووکادیری ڕاگەیاندن نیە و پرانسیپێکە لە سەرەوە (مەکتەبی بارزانی) بۆ خوارەوە دێتە خوارەوە و ئەم جۆرە کارانەش لە تەعمیمی رۆژی پارتی بەرامبەر بە یەکێتی دەچێت ! وەک (نەژادی عەزیز سورمێ) جارێک لە گازینۆی (مەچکۆ) ی هەولێر لە دەمی دەرچوو گووتی (ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە کە لە مەکتەبی بارزانییەوە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەنووسمەوە کاک مەسعود یەک بە یەک سەیریان دەکات) نەژاد لە ساڵی 1993ـ ەوە تا ساڵی 1996 لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پارتی بوو.

جا مەجبوورین لە ڕێگای ڕۆژنامەی (خەبات) ەوە بە پارتی بڵێین ئەرێ کەی دەقەومێت؟!